***بەشێك لە رۆمانی***

# فەرهادێکی تر

## غەفور سالَح عەبدولَا

*(پێشکەشە بەو تێکۆشەرانەی کە گەندەڵی چۆکی پێ دانەدان)

*پێشکەشە بە شەهید(مستەفا گەرمیانی) کە لەتەقینەوەکانی رۆژی 16/7/ 2007 لە کەرکوك شەهید بوو....

***

(بۆیە رۆمان دەنووسم کە پێم وایە  بە گومانم چونکی لاوازیشم..

رێگایەکە وەکو هەر رێگایەکی دیکە بۆ مردن ،بکوژی تارمایی وئەندێشەکانە)..

-خاپییر گارسیا سانجن-

***

بەشداربووانی ئەم رۆمانە

**************

1-فەرهاد:فەرهادیکی دیکەی رەنج بە خەسار...

2-شازەمان:کچی حەمە شێت دەنکی فەرهاد بوو..

3-حەمە شێت:باوکی شازەمانە وکرێکاری کۆمپانیای نەوتی کەرکوکە.

4- سالار:شاعیر ودەربەدەر وبرادەری فەرهادە

5- فەرزەند:برادەرێکی دیکەی  فەرهاد

6-پەروێز:ئەویش برادەری پێشمەرگایەتی فەرهادە

7-ئاسکۆڵ:ژنی فەرهاد بوو لە بۆردومانی کوردستان شەهید بوو

8-هەنار:دەنکی فەرهادە

9-شەزا:دەنکی پەروێز بوو لە کۆلیج

10-خلە زلە: بەیتاڵچی خاوەنی هێسترو مێردی زلێخا

11-عەتیە:ژنی کەلە پۆخچی خاوەنی نێرەکەر

12-خاوەر:ژنی حەمە شێتە،دایکی شازەمانە

13-حاجی مەرجان:کۆنە سۆزانی

*****************

(1)

هەمیشە فەرهادێکی دووای هەرەسە یەك لە دوای یەکەکان بووم،بە تفەنگێکی ژەنگاوی وجووتێ کلاشی دڕاوەوە رووبە رووی هەموو سوپا مۆدرێنەکان دەبوومەوە ،لەوەتەی هەم لەلام کوردستان کۆمەڵێك رەمز وهێما وسروودی پڕ ئەفسوون بوو،بۆ هەر لایەك هەڵمروانیایە رەوەزە چیاکانی کە دەوریان لێ گرتبوو رێگەیان لە تەماشام دەبەستەوە،ئەو دەمەی منالیش بووم مامۆستا لە وانەی وێنەکێشاندا لیێ دەخواستین سەرو وێنەیەك بکێشین ،منیش دەسبەجێ قەڵەمە رەنگاورەنگەکانم دەگرتە دەستەوە وخێرا زنجیرە چیایەك ورووباریك وچەند دار سنەوبەرو کۆمەڵە خانوویەکی لە قور درووستکراوی بێ گیان وکز وداماوم دەنەخشاند ، مامۆستا هەرکە چاوی بەو وێنەیە کەوت وپێی وتم (تۆ چارەنووسێکی نادیار چاوەروانتە)،کومەڵێك چڵ وچێوو خۆزگە وحەسرەت و هەناسە ساردیەکی موزمین بووم،ئەویش نە چیای ،نە دولّی ،نە خاکی ،نەکانیاوی ئەوەتەی هەم لێم ناپرسن بو ئاوها دەستەوسانی ئەوم ،عومرێکم لەو دۆڵ ورەوەزە سەختانە بە سەر بردوە،شەوانە لە گەڵ کەڵ وبزنە کێویەکان جێگای نووستنمان لە رەوەزە سەختەکانی چەمی رەزان وحاجی ئۆمەران وزەڵێ و ناوزەنگ دەگۆریەوە،شوێن پێ وبزنە رێی کەڵ و بزنە کێویەکان وەکو ناو لەپی خۆم دەناسی ،لە مەرزی قاچاخچیەکاندا گۆش کرام .عومرێکە گوێم ئاشنای(کوجا میری وکوجا رفتی)یە،

سەردەمێك لە گەل چریکەهای(ساواك)و سەردەمێکیش لە گەڵ پاسداران ئیتییلاعات،

..(ئێ بە بنەچە پێشمەرگە بووین) باوکم لە دوای شەری برا کوژی(1964)چەکی داناو گزگدەری شارەوانی پێ بە شەرەف تر بوو،لەو شەری خۆکوژیە..باوکم دەیووت باوکی ئەویش واتا باپیرەم پێشمەرگەی شێخ مەحموود بوو،بە پێشمەرگەیی لە دایك دەبین وبە پێشمەرگەیی دەژین وبە پێشمەرگەییش دەمرین.تازە موم لێهاتبوو پێنج تیر ئینگلیزیەکم کردە شان وبە هەڵەمووت وتاتە بەردەکاندا هەڵزنام،(ئاسکۆڵ)ی سەروعوزر نەشۆرم لەگەڵ کومەڵێك ماچی پەمەیی لەرزۆکدا بەجێهیشت،کۆڵەپشتێك خۆزگەو حەسرەت و ماڵوێرانیم لە کۆڵ نا،هەر لەوێوەوە یەکەم داوی ئەشق و خۆشەویستی بە مەقەسیکی بەدبەختی وپر سیاسەت قرتێندرا،هەر چەندێ دوای ئەوەش (ئاسکۆڵ) ڤیروسیای کردو دوام کەوت،دوای تیاچوونی ئەویش ئیدی هاوسەرو هاودەمم تفەنگێکی ژەنگاوی و وکۆڵە پشتێکی حەسرەت وبی توێشوو بوو،بەوشکە جاوی نانی ماڵە گوندێکی هەژار تانوپۆی مێژوویێکی سەخت ودەست لێ شۆردراوم دەدا،هەمیشە لەو دیوی سنووری ولات فرۆشی وخیانەت وماوستاوساردکردنەوەو ئینتیهازیەکانەوە کەڵەکێویەکی خەڵتانی خوێن بووم،بە دڵۆپە خوێنی خۆم لێوم تەردەکرد،هێشتا پێشمەرگە بووم ،(ببوورن دەروێش بووم) ،خۆشەویستی وسیاسەت لە ماچە پەمەییەکانی (ئاسکۆڵ) فێربووم،بۆ نا؟فەرهادی کۆکەن نەبووم وەلێ فەرهادێکی هەمیشە کۆڵ  لەکۆڵ ،تێشووم لە هەموو بێستوونەکان گیرکردو ئاویش بۆ گوندە تینوەکان هەر نەهات،شەوانە بەدەم خەوەوە دەمبینی کەڵ وبزنەکێوی دەوریان داوم لەژوورم سەر فرمێسك بۆ چارەنووس وبەدبەختیم دەرێژن،پێشمەرگە بووم ، وەلێ خیانەت و ولاتفرۆشیەکان پێش مەرگم دەکەوتن ،سەنگەرەکانم لێ تێکەڵ دەبوون ،کەچی بزنەری ی کەڵ و بزنەکێویەکان رێنومام بوون،رێگەیان بۆ هەنگاوەکانم دەدوزیەوە،دەیانوت(ئێ کوری باش رێی تۆ لێرەوەیە ، ئەی هەر خۆت بڕوات بە فەلسەڤی پەرەسێلکە نیە) ؟.بەدەم خەوەنوتکیێەوە رادەپەریم تفەنگەکەم وەکو کۆرپەیەکی ئازیز لە ئامیز دەگرت و رامدەمۆسی :(تفەنگ دەردت بە جوونەم ،تفەنگ بی تو نەمونەم).فەلسەفەی پەرەسێلکەش ئەوەیە هەموو سالّێك دەمەو بەهاران ،لە هەر کوێیکی دنیا بێت دەگەرێتەوە بۆ ئەو هێلانەیەی کە سەری لە هێللکە جووقا،بۆنی قورەلیتەی ماڵۆچکەکەی لە دووری سەدان کیلۆ مەترەوە دەبێتە رێنومای ،سالّ نیە دەیان کور وکچ بۆنی ژیانی بەرەلایی و بەنگکێشانی ئەوروپا وهەندەران نەبێتە رینومایان لەو دیوی سنوورەکانیشەوە زێدی خۆیان تف باران نەکەن :(ماڵئاوا ولاتی پر لە شەرو ئاشوب ،هەموو سروودەکان درۆ بوون) .من دایکە کلۆڵەکەم فێری کردم ببمە دارقەڵەمتۆزێکی وەرزەکانی شار،رقەبەرایەتی تۆف وزریانەکان بکەم ،نەك بکەومە تەکی رەوە پیاوی بێ وورەو شوالّ پلیتەکان وکیژە سترێچ وپانتولّ لە پێیەکان بکەوم،لووت بەرزیی کەڵەکێوی وکوچی پەرەسێلکەکان فێریان کردبووم ،بۆ خاکێك خۆم بە کوشت بدەم، کە بستێ زەویم تیا نەبێ تا ماڵوچکەیەکی لە سەر رۆنێم،باوکم کرێکاریکی نەفام نەبوو ،بەلاّم لەو سەنگەرانە خۆی بە کوشت نەدا ،کە خیانەت وەکو مشکە کوێرە خۆی تیا مەلاس دابوون ،لە مەنفاکانیش هەگبەی خۆزگە وحەسرەتی کێژە بێ ئەنواو ژنە مێرد کوژراوەکان بووم ،هەموو بێرەوەیەکیشم دەست لە ملانیٰ ی کچێکی سەروعوزر نە شۆر بوو،لەگەڵ بیرەوەری کچە قەیرەکاندا بە جێمهێشت و رێگای هات ونەهاتم گرتەبەر..

(2)

ئای فەرهاد ،دایکە پیرەکەت لە چاوەروانی تۆدا سەری نایەوە،هەمیشە وڕێنەی بە هاتنەوەی تۆوە دەکرد ،دەیووت :

-فەرهادی کۆکەن دێتەوە وئاو لە بێستوونەوە دەهێنێ بۆ ئاواییە تینووەکان ،فەرهادم هەر دێتەوە ،ئەوەتا شیرین بسك وکەزی چاوەڕوانی بۆ دەهۆنێتەوە..

کەچی فەرهاد هەر نە هاتی،دایکت بەر لەوەی بمرێت لە سوێی تۆدا ئەقڵیشی لە دەستدا ،وەکو خەلیلە شیت کەوتە جادەو کۆلأنەکانی کەرکوك وچیرۆکی شیرین وفەرهادی زەمانەی بۆ گەرەکە لێ قەوماوەکان دەگێڕایەوە..

ئای فەرهاد تۆ چ نەعلەتێکت لە دوای خۆتەوە بە جێهێشت،تۆ تاوانەکانت زۆرن وبێ تاوانیشی،هەموو تاوانەکان خرانە ئەستۆت،شکستەکانیان ،پیاو کوژیەکانیان، ولأتفروشیەکانیان،دڕندەیەکانیان،بەلأم یەك شتیان نە خستە ئەستۆتەت،ئەویش سەرکەوتنەکانیان بوو!!ئەمەیان بو خۆیان هێشتەوە،وتیان (با ئەم تاوانە بو ئیمە بێت)..فەرهاد تۆ چیت بە جێهێشت؟هیچ،دەشێ ئێستا خۆێشت هیچ بێت و،لە هیچخانەکاندا دەست لە ولأتفروشیەکان پان کەیتەوە ،یان دەمێکە سەرت ناوەتەوەو سەر رەحەت،ئێوە ب تایەفە تیاچوون وئاوەو ئاوچوون..ئای دەروێش (فەرهاد)،چەند دەرویش بووی؟یان دیارە تۆ مارەت لە تفەنگ وپێشمەرگایەتی برابوو؟.تامی خوشێت نەکرد هەی بەدبەخت،دەشێ ساتە خۆشەکانی ئەو تەمەنەی ماوتە ئیستا بەدمەستی شەوانی مەنفاکان بیٚ؟.

سالأنێك بوو چەشنی جاڵجاڵۆکە بە لیکی بیرەوەریەکانت تان وپۆی خۆت دەدا،زۆربەی شەوەکانیش بە بەدمەستیت شارەکان دەوروژان،ئەم گەردونە چەتوونە هەڵدەوەشایەوەو دووبارە دەبووژایەوە،دەبووی بە منداڵی سەر بێشکەی خەیاڵ دەمت دەنایە گۆی مەمکی هەزاران کیژوڵەی سەر وعوزرنەشورو قەیرە کچەوە،کەچی هەر تینوو بووی ،مژت دەنایە لێوی بیرەوەر یەکانتەوە لە جاران سوێرتر بوون، فووت دەکردە ملێونەها شمشاڵ و دووردگی نوێیەوە، خامۆشی شارە تەپیوەکانت دەشەڵەقاند ، کەچی کاتێ بە ئاگا دەهاتیتەوە شارەکان لە چلپاوەدا خنکابوون، خەڵکەکەشیان لە ساڵی دەقنانووسەوە مەلیان بیر چوو بووە،تۆ منداڵی خۆت بیرنایەتەوە، تازەکی کێ ئەم بوونە پڕ ساردو سۆڵەو تەنیایەت گەرم دەکاتەوە، لە ئاگردانی چ ئومێدیکدا ساڵە کەمەکانی تەمەنت ئۆقرە دەگرن وئۆقرە دەگرێت؟ گەرچی هەمیشە ئۆقرە نەگرتوو بووی ، زوو بە زوو لە شتەکان جاڕز دەبووی و بەدوای شتی نوێدا هەڵبەت دەکرد، تەمەن چی تیاماوە، زۆر لەوەی کە کەمتر ماوە لەوەی کە بەسەر چوو، بوون لە لای تۆ دەمەو بەیانیەکاندا پێناسەی خۆی دەکردو، سەقامگیر دەبوو .. هەنووکە دەمەوبەیانیەکان وەکو هەموو دەمەکانی دیکە لەگەڵ یەکتری چاوشارکێ دەکەن و پێت ڕادەبوێرن، هەستی پێ دەکەن هەستیان ناکات. تەنیایش مرۆڤ دەکاتە کۆت و زنجیری لەبیر چوونەوە و، ئاوەدانیەکانیش دەبنە بیابانێکی کاکی بە کاکی. حەزت دەکرد ژنێکت هەبێ بیدوێنێ ، بەسەرتا بقیژێنیت ، لێت تورەبێت و لێت بتۆرێت وبە پاڕانەوە ئاشتی کەیتەوە، ئێ کێ وەکو (ئاسکۆڵ) سارد وسڕی شەوانی نامۆییت گەرم دەکاتەوەو، گۆچانی ئۆمێد بداتە دەستت و دەرتبهێنێ لەم گۆڕە وێرانە؟ تەنانەت توانای یادکردنەوەی ئەویشت نەماوە، سات لە دوای سات تۆو مەرگێکی ناهەڵبژاردە دەستتان کردوەتە گەردنی تەمەنی سۆزانیەکی ئەوروپی چاو بەئاشقاڵ و لەخواترس، ئێستا هەست دەکەیت تەمەنی بزنە پیرێکت ماوە، مووە ڕەش وسپیەکانی سەرەکاسەکەت لە گۆڕەپانی شەوە درێژەکاندا دەکەونە بۆربۆڕێنێکی سروشتی، بێدەنگیەکەت لە تەرازووی غەڵبە غەڵبی شارە چاو چنۆکەکاندا لاسەنگە، تامەزرۆییت لە کۆتایی شەوی سەماخانەکانی ئەوروپادا لەپەل وپۆ دەکەوێت. وەکو گیسکەکەی — هەیاس- ترس ورووژاوەتە کەوڵتەوە وچاوەڕانی بریاری قەرە قۆشێکی دیکەیت ، وەکو کەوێکی نەخۆش و لات لەقەفەزەکەت بەرەڵات کات. زۆر جار لە گوزەرەکانی ئەو شارەی لە سوید(یوتوبوری)کە لیی نشتەجێی،لە ناکاو ئاور دەدەیتەوە ،رەپ رادەوەستی ،پشت لە دیوار توونـد دەکەیت،نەبا سەرخۆشیك ،یان سەر لێشیواویکی پێست رەش چەقۆیەك بکات بە گازەرای پشتدا ، هەندی جاریش لەدیدەی مەستی رەشکراوی سوزانیەکان سڵ دەکەیتەوە..

(ئاسکۆڵ) ئاگای سیاسەتی نەبوو ،بەلأم ماچە پەمەیی وئاڵەکانی تۆ لە خشتەیان برد ،ئەوەندەش دەروێش بووی ماچیشت بە سیاسەت دەزانی ،لە نێوان ماچێك وماچێکدا وشەی سەیروسەمەرەت لەدەم دەهاتە دەرێ، هێشتا (ئاسکۆڵ)سەروعوزر نەشۆر بوو ،یان نەببوو،بە ماچە پەمەیی وئاڵەکانی فەرهەنگێکی سیاسەتت ئاخنیە گوێیەوە ،زاراوەی سەیروسەمەرەی سیاسەتت بۆ هەموو ئەندامەکانی لەشی دانابوو،دوا ماچیش ئەو ماچە ماڵئاواییە بوو ،کە دەمەوعەسرێك لە ژووری موبەقە بچکولانەکە پێت وت:

-ئاسکۆڵ ئیدی چاوەڕێم مەبە ،دەنگێکی دوور بانگم دەکات ،نەخەڵەتێی لە مەنفاکانیش بۆم بگەڕێی ..

دیار بوو پێشبینی گەلێ کارەساتت کردبوو ،ئەم پێشبینی کردنەشت لە باوکتەوە بۆت بە میراتی بە جێ مابوو.دڵت بە فرمێسك وپارانەوەی (ئاسکۆڵ)ودایکە کلۆڵەکەت نەسووتا ،ئەوە بوو تازە مووت لێ هاتبوو دوا ماڵئاواییت کردو بیٚسەروشوێن بوو، دوای چەند مانگێك نامەیەکت لە ئاغزە جگەرەدا بۆ رەوانە کرد،نامەکەیش لە سەرەوە وێنەی کەڵەکێویەکی تفەنگ لە شانت لە سەری نەخشەکێشابوو،لە سەر دوندێك راوەستاوە،بەرەو ئاستێکی نادیار گەردنی هەڵبڕی بوو،هەڵیدەروانی ولە خواریشەوە نوسرابوو:ئاسکۆڵ،ئەتوانی بکەویتە دوام ،ئەگەریش بتەوێ ئەمدۆزیتەوە)).ئیدی ئەوە بوو ئاسکۆڵ کەوتە دووات وبوو بە هاوسەرت وتا چەند مانگێك ئەویش لە تەکت چەکی کردە شان،تا سکی بە کورەکەت پر بوو.

Dengekan